ZAGROS WEBSITE

# بانکێك لەسوید کاربە ( سوو ) ناکات

بانگەکانی جیهان، بانگە ئیسلامیەکانیان لێ دەرچێت، لەسەر بنەمای سوو دامەزراون، فیکرەی ئەو بانکانە بەکورتی بریتییە لەوەرگرتنی پارە لە هاوڵاتیان بۆ هەڵگرتن بەرامبەر بەرێژەیەك قازانجو دانەوەی ئەو قەرزانە بەهاوڵاتی بەقەرز بەرامبەر بەرێژەیەکی گەورەتر. بۆ نموونە بانگەکە پارەکە بۆ هاوڵاتی هەڵدەگرێتو ساڵانە ٤٪ ی ئەو پارەیەی وەکو قازانج دەداتێ بەڵام ئەگەر کەسێك بیەوێت قەرز لەبانك وەربگرێت ئەو بانکە رێژەی ١٦٪ ی قازانج دەخاتە سەر بڕی پارەکە، بێگومان ئەمە هەموو چالاکییەکانی بانکەکان پێکناهێنێتو ئەو رێژانەی سەرەوە تەنها بۆ نموونەن و بۆ ئاسانکردنەوەی باسەکە هێناومانن. بانکەکان ئەو بڕە پارەیەی دەیدەنە قەرز لەو پارەیە دابین دەکەن کە هاوڵاتیانی تر دەیدەنە بانکەکە بۆ هەڵگرتن. لەو جیاوازییەی رێژەی سووەکەش بانکەکە قازانجەکانی خۆی پەیدا دەکاتو کەژمارەیەك بانك قازانجی خەیاڵیان لەو مامەڵەیە دەست کەوتووە.

ئەم نیزامە بۆتە جێگەی ڕەخنەی کەسانێکی زۆر چونکە بانکەکان وەکو مشەخۆر تەماشا دەکەن وەك چۆن ئایینە ئاسمانییەکان بەتوندی دژی سوو بوون کە مامەڵەیەکی ستەمکارو مشەخۆرانەیە، لەبەر ئەوەش بوو ژمارەیەك بانکی ئیسلامی دامەزران کە کار بەسوو ناکەن و ژمارەی ئەو بانکانە لەزیادبووندایە.



بینای بانکەکە

بەڵام ئەمجارەیان لەوڵاتێکی ناموسڵمان کە ئەویش وڵاتی سویدە بانکێك دادەمەزرێت کە کار بە سوو ناکات. ئەمەی خوارەوەش کورتەیەك لەبارەی ئەو بانکەوە لە پێگەی ( ئیسلام ئۆن لاین) وەرگیراوە (بەمێژووی ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤):

بانکی **JAK** قەرزی بێ سوو دەداتە موستەسمری بچووکو چەند ساڵێکە وا ئیش دەکات. ساڵی ٢٠٠٠ هاوڵاتیان ٤٩ ملیۆن دۆلاریان خستبووە ناو بانکەکەو ئەو بانکە ٤٢٫٥ ملیۆن دۆلاری بەقەرز بەهاوڵاتیان دابوو.تێڕوانینی ئەو بانکەش ئەوەیە کە گەشەپێدان سێ توخمی سەرەکیی هەیە:

زەوی و کارو سەرمایە (بێگومان مرۆڤیش دەچێتە پاڵ) و پێویستە ئەم توخمانە ئازاد بن نەك نیزامێکی سوودار بیانبەستێتەوە یان بەکاریان بهێنێت. ناوی بانکەکەش واتە یاك **JAK** لەناوی ئەو سێ توخمە وەرگیراوە: سەرمایە **Kapital**، کار **Arbete**، زەوی **Jord**.

خاوەنی فیکرەی ئەو بانکە پیاوێکی دانیمارکی بوو کە دانی سووی سەر قەرزەکانی بۆ بانك باری شارسانی خۆی و خێزانەکەی قورس کردبوو بۆیە ساڵی ١٩٣١ کۆمەڵەیەکی دامەزراند بەناوی ( یاك) فیکری ئەو بانکەش کە دامەزرا ئەوەیە سووی سەر قەرز دەبێتە هۆی ئەوەی سامان دەچێتە دەستی تاقمێکی بچووکو بەرزبوونە ڕێژەی بێکاریو زیادبوونی قەرزداریی وڵات. بەڵام پاش ماوەیەکی کەم بانکەکە ئیفلاسی کردو داخرا چونکە داوا لەسەر قەرز زۆر بوو.

فیکرەکە لەدانیمارکەوە چووە سویدو لاوێکی سویدی کۆمەڵەیەکی دامەزراند ساڵی ١٩٦٥ بەهەمان ناوەوەو ساڵی ١٩٩٧ ئەو کۆمەڵەیە بووە بانکێکی ڕەسمی.

ئیشی بانکەکە ئەوەیە هەرکەسێك پارە لەو بانکە دابنێت دەبێتە ئەندامو دەتوانێت پارە لەو بانکە بەقەرز وەربگرێتەوە بەم جۆرە ئەوەی قەرز لەو بانکە دەکات پێشتر پارەی داناوە تا ئەندامی تر بتوانن سوود لەپارەکەی وەربگرن.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

بۆ نموونە ئەگەر کەسێك هەزار دۆلاری لەبانکەکە بۆ ماوەی یەك ساڵ دانا دەتوانێ هەزار دۆلار بۆ یەك ساڵ قەرز بکات یان دوو هەزار دۆلار بۆ شەش مانگ یان پێنج سەد دۆلار بۆ دوو ساڵ. بانکەکە دەتوانێ قەرزی زیاتری بداتێ کە دەگاتە نۆ ئەوەندە یان دە ئەوەندەی ئەو پارەیەی دایناوە بەڵام بەمەرجێك ئەوانەی پارە دادەنێن زیاتر بن لەوانەی قەرز وەردەگرن بەڵام جگە لەمە بانگەکە سوودی تری بۆ کۆمەڵگە هەیە ئەویش ئەو مەرجانەی بۆ پێدانی قەرزەکە دایاندەنێ، یەکێکیش لەو مەرجانە ئەوەیە بانکەکە قەرز بەو پڕۆژانە دەدات کە قازانجی کۆمەڵایەتییان زۆرترە هەروەها ئەفزەڵیەت بە کەسوکاری خێزانی ئەو کەسە دەدات کە پارەکەی داناوە. بانکەکە قەرز بە پڕۆژەی زەبەلاح نادات کە پەیوەندییان بە ژیانی ئەو کەسانەی پارەکەیان لەبانکەکە داناوە یان پەیوەندییان بە پێداویستیە ڕاستەوخۆی ئەو کەسانەوە نەبێ، پێویستە پرۆژەکانیش لەو ناوچەیەدا بن تا پارەکان لە شوێنە هەژارەکان نەچنە شوێنە دەوڵەمەندەکان.

بانکەکە بەهۆی چەند شتێکەوە مەسرەفی خۆی دابین دەکات یەکێك لەوانە بەشداری ساڵانەی ئەندامانە کە بڕی ٤٠ دۆلارە بەرامبەر خزمەتەکانی بانکەکە جگە لەچەند شتێکی تر.

لەبەر ئەوەش کە مەبەستی بانگەکە ئەوەیە سەرنجی خەڵك بۆ زیانەکانی سیستەمی سوو رابکێشێ ئامادەیی خۆی ڕاگەیاندووە بۆ هاوکاریکردنی هەر کۆمەڵەیەك بیەوێ لەوڵاتی خۆیدا بانکێکی هاوشێوە دابمەزرێنێ، هەروەها بەشداری دەکات لە کۆبوونەوە نێو دەوڵەتییەکان بەمەبەستی دیفاعکردن لە سیستەمی قەرزی بێ سوو.

ZAGROS WEBSITE